کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 17:09بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## درامای ئاریا ... قاعیده و مەلا و گەندەڵەکانی کوردستانی هێنایە دەنگ ... دڵزارحەسەن



سانسۆردانان و کەمکردنەوەی ئەڵقەکانی درامای " ئاریا " کە چوار بەشی بە وتەی هادی ئەلمەهدی دەرهێنەری دراماکە لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات بە پچڕ پچڕی و مۆنتاژکردنێکی سانسۆرکارانە پەخشکراوە. راوێژکارانی کەناڵەکە بە نووسراوێکی رەسمی پەخشی دراماکەی راگرت. میکانیزمی راگرتنەکەش بە پێی ناوەڕۆکی دراماکە بۆ سی رەهەندی هاوتەریب بەیەك دەگەڕێتەوە، لایەنێکیان ئاماژەیە بۆ رۆڵی ئەو مەلایەی کە کارەکتەرێکی مونافیقکار و ئاژاوەگێڕی هەیە، و ئەم رۆڵەی ئەو مەلایە دواجار بوە مایەی ئەوەی لە رۆژی هەینیدا لە تەواوی مزگەوتەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە لایەن مەلاکانەوە دەنگی ناڕەزای لە دژی رۆڵی ئەو مەلایە دەربڕن. رەهەندی دووەمی سانسۆر خستنە سەر ئەو درامایە مەترسی وروژاندنی هەستی تۆڵەسەندنەوەی تیرۆریستانە بە تایبەتی رێکخراوی قاعیدە لە حکومەتی هەرێم و کەناڵی ئاسمانی کوردسات و ناوچەکانی سلێمانی کە ماوەیەکە ئەو گروپە چالاکییان لێیەوە دەرکەوتووە. هۆکاری سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ بێتاقەتی ئەو بەرپرس و خاوەن دەسەڵات و سەرمایەدار و ئاغا یانەی کە بە وشەی گەندەڵی تێکدەچن و بە هیچ شێوەیەك نایانەوێت لە دەمی کەسدا ببیستن لە کوردستان گەندەڵی هەیە. لێرەدا بۆ هەرسی حاڵەت کە دواجار بە هۆیانەوە کە بە داخەوەش دەڵێم کەناڵی کوردسات لە ژێر رۆشنایی ئامۆژکاریە دینیەکانی راوێژکاری ئاینی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کە هێرۆخانی خێزانی سەرپەرشتی دەکات دراماکەی لە پەخشکردن راگرت. دیارە ئەم درامایە لە پێشتردا رەزامەندی لە لایەن لیژنەی هونەری کەناڵی کوردسات وە لە سەردراوە و نزیکەی هەشتا هەزار دۆلاری بۆ تەرخانكرا. جگە لەوەش بە بی ئاگاداری دەرهێنەر زۆرێك دیمەن و حیواری نێو دراماکەش مۆنتاژ و سانسۆرکراون، لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵی کوردسات نەیتوانی لەبەر زەختی مەلا و ترسی قاعیدە و چاو سوورکردنەوەی دەسەڵاتدار و بەرپرسە گەندەڵەکانەوە درێژە بە پەخشکردنی دراماکە بدات کە بە هۆی بیرۆکەکەیەوە بینەرێکی زۆری بۆلای خۆی پەلکێشکردووە. بێگومان دەنگ هەڵبڕینی مەلاکانی کوردستان لە دژی وێنەی ئەو مەلا گەندەڵکارو خۆویست و فیتنە چییە، بیری ئەو فتوایەی شێخ و مەلاکانی زانکۆی ئەزهەرم دەخاتەوە کە بۆ بە کافردانان و مورتەتکردنی بیرمەندی عەرەب نەسرحامد ئەبوو زەید دایان. ئەو کات وێڕای پاڵپشتی و داکۆکیکردن لە هەردوو تێروانین ئازادی پێدان بە ئەبوو زەید و بە کافردانانی کە لە نێوەندەکانی بڕیاردا لە وڵاتی میسر لە ئارادابوو. ئەو تەنها وتی" سەیرە کەسانێك دەرم دەکەن لە کلتورەکەی خۆیان کە نە کتێبەکەی منیان خوێندۆتەوە و نەشارەزاییان لە ئایین و کلتورەکەی خۆشیاندا هەیە" بەو پێیە دەتوانم بڵێم مەلاکانی ئێمەش نە دراماکەیان بینیوە و نە ئەوەندەش زانیارییان هەیە لە کاری دراما و هونەری و فیکری تا بە چوار ئەڵقەی درامایەك لە ناوەڕۆکی حاڵی ببن. بەڵکو مەلاکانی ئێمە تەنها لە هەوڵی دروستکردنی ئاژاوەی زیهنی تاکەکانی کۆمەڵگادان. لەلایەکی دیکەوە با فتوا بی سەرو بەرەکەی عەبدولسەبوور شاهیین بە نموونە وەربگرین کە لە دژی قورئان ناسی سوری محەمەد شەحرور لە بەرامبەر کتێبە تازەکەی بەناوی " کیتاب و قورئان و خویندنەوەیەکی تازە" دایبوی، لە هەمان کاتیشدا شاهیین دوای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بڵاوبوونەوەی تێزەکەی لەمەڕ " خودا ئینسانی لە پێش ئادەمدا دروستکردووە" هەمان فتوای لەلایەن کۆمەڵێك شێخەوە دەرهەق کرا. لێرەدا ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەلا و شێخە ئایینیەکان لە نێو ململانێیەکی نا تەندروستی قوڵدا لە بەرامبەر تێگەیشتنیان بۆ ئایین دەژین. هەر ئەو نا حاڵی بونەشیانە بۆ چەمکە ئایینیەکان کە وایکردووە مەلا قسە لە هەموو شتێکدا بکات. لەکاتێکدا دەرهێنەر و خاوەن سیناریۆ و بیرۆکە ئازادن چ نموونەیەك لەکۆمەڵگا دەکەن بە کارەکتەر تا رۆڵی تیا ببینێت، هەڵبەتە هەڵبژاردنی ئەو مەلایەش بەوشێوەیە مانایە بۆ بڕیاری سەربەستانەی خاوەن فیلمەکە. بۆیە دەڵێم دوجار کەناڵی کوردسات کارێکی نا تەندروست و نا هونەری دەکات گەر ڕێگا بە خۆی بدات سانسۆر بخاتە سەر درامایەك کە باس لە گروپێکی تیرۆریستی و مەلایەکی ئاژاوەگێڕ و حکومەتێکی گەندەڵبکات.

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆشەی " دەنگ" ی ژمارە 233 ی رۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.